به بۆنەی بیست و نۆیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ڕامان، ئەستێرەیەکی پڕشنگدار

**خالید فاتیحی**

**(ڕانیە)**

ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو، بۆ باشووری کوردستان ساڵگەلێکی زۆر سەخت و دژوار بوون. گەمارۆی ئابووری و شەڕی خۆکوژی برستیان لە خەڵک بڕیبوو. بزاڤی ڕۆشنبیری هەبوو، بەڵام وەکوو پێویست نەبوو، ئەویش دوو جەمسەری بوو. لە ساڵی ١٩٩٦ گۆڤارێک هاتە ناو دنیای ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە کە هەموو بەربەستەکانی تێک شکاند، کە ئەویش گۆڤاری ڕامان بوو. بێ جیاوازی دیدگا و بیروبۆچوونی سیاسی بانگهێشتی نووسەرانی کرد و لە دەورەی خۆی کۆی کردنەوە، ئەوە دەبێ بە یەکەم قەڵەمبازدان هەژمار بکرێ.

ئەم گۆڤارە بە ستایل و شێوازێکی تایبەت هاتە ناو دنیای ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، کە تا ئێستاش لەو ستایلە لای نەداوە، هەر دەقێک لە ئاستێکی باشدا نەبووبێ، بڵاویان نەکردووەتەوە، خاتروخواهیشی کەسیان نەگرتووە، ئاخر هەر بۆیە دەبینین گۆڤاری ڕامان کە پێ دەنێتە ناو تەمەنی بیست و نۆ ساڵەیەوە، هەر بە پێشەنگی ماوەتەوە.

کاتێک یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕامان دەرچوو، من لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووم، لەوێ لە هەموو شارەکاندا ئەنجوومەنی ئەدەبی هەبوو، ئەو ئەنجوومەنە دەور و ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر فێربوونی زمانی کوردی و بەرەوپێشبردنی ئەدەبی کوردیدا هەبوو، ئەو ئەنجوومەنە ئەدەبیانە زۆر نووسەر و شاعیری باشیان پێگەیاند، کە ئەمڕۆ لەسەر ئاستی کوردستان کەسانی دیارن.

گۆڤاری ڕامان زۆر بە دەردەسەری دەگەیشتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەست بە دەست دەگەڕا، لە ئەنجوومەنەکاندا شرۆڤەی دەقەکانی گۆڤارەکە دەکران. ڕاستە لەو سەردەمەدا گۆڤاری سروە و گۆڤاری ئاوێنە و حەوتەنامەی ئاویەریش هەبوون و دەردەچوون، دواتر گۆڤاری مەهابادیش دەرچوو کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە، بەڵام نووسەرانی کورد دڵیان ئاوی نەدەخواردەوە، بۆیە ڕوویان کردە گۆڤاری ڕامان. ڕامان باوەشی گەرمی خۆی بۆ کردنەوە و قەڵەمە نوێیەکانی باشتر ناساند و گرنگی پێدان. ئەو ڕایەڵە ئەدەبییە تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

خاڵێکی دیکەی جوانی گۆڤاری ڕامان ئەوەبوو، نەهات تەنیا بەدوای قەڵەمەدیارەکاندا بگەڕێ و خۆی لە جوغزی شارە گەورەکاندا ببینێتەوە و تەنیا ئاوڕ لەوان بداتەوە، بەڵکوو دەریچەیەکی نوێی کردەوە بۆ ئەو قەڵەمانەی لە دەرەوەی شارەگەورەکانن و کەمتر دەرفەتیان بۆ دەڕەخسا، بۆیە دەستی یارمەتی و هاندانی بۆ ئەوانیش ڕاداشت و لەژێر چەتری خۆیدا کۆی کردنەوە و زۆرکەسیشی بە دنیای ڕۆشنبیری و خوێنەران ناساند.

ڕامان نەیویست تەنیا بۆ نوخبەیەک و کۆمەڵێک خەڵکی دەستەبژێربێت. زۆر نووسەر لەسەر دەستی ڕامان پێگەیشتن و بوون بە کەسی دیاری بواری ئەدەبی، بۆیە هەرکەسێک بابەتێکی لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوکرابێتەوە، هەقە شانازی بەخۆیەوە بکات.

من ئەو هەنگاوە بە ئاوێنەیەکی پڕشنگداری بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیری گۆڤاری ڕامان دەبینم.